# پۆلێنکردنی ئیدیۆم بەپێی تیۆری سیماکان و جۆرەکانی کەسێتی

**د. هێمن عەبدولحەمید شەمس**
**زانکۆی کۆیە – فاکەڵتیی پەروەردە**
**بەشی زمانی کوردی**

١/٠) ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (پۆلێنکردنی ئیدیۆم بەپێی تیۆری سیماکان و جۆرەکانی کەسێتی)یە.

٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئیدیۆم، کەرەستە و بوارێکی فراوانی زمانە و کاری باش و بەسودی لەسەر کراوە، بەڵام هێشتا بواری لێکۆڵینەوەی دیکەی تێدایە.

٣/٠) سنوری لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە سنوری زمانەوانیی دەرونیدایە، کە بەشێکە لە زمانەوانیی کارەکی.

٤/٠) گرنگیی لێکۆڵینەوەکە:

بەپێی زانیاریی ئێمە، لێکۆڵینەوەی بەپێز لە واتا و پێکهاتە و چەشن و لایەنی کۆمەڵایەتیی ئیدیۆمدا ئەنجامدراون، بەڵام لە لایەنی دەرونییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، ئەم کارە، یەکەم لێکۆڵینەوەیە کە لە لایەنی دەرونییەوە ئیدیۆم پۆلێن دەکات.

٥/٠) چوارچێوە و تیۆر:

لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی تیۆری سیماکانی (کاتڵ) و جۆرەکانی کەسێتی دایە.

٦/٠) ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە، پەسنکردنی جۆرەکانی کەسێتییە بە ئیدیۆم.

٧/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی دەرونی پەیڕەوکراوە. بەمەبەستی کورتبڕی و زۆرنەبونی لێکۆڵینەوەکە؛ واتای ئیدیۆمەکانمان، دوبارە، لێکنەداوەتەوە، بەڵام بەپێی واتا و بەکارهێنانەکانیان (کە تا ڕادەیەکی زۆر، جێگیرن)، بە گوێرەی سیما و جۆرەکانی کەسێتی پۆلێنمان کردون.

٨/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەو ئیدیۆمانەی زمانی کوردین کە لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا بەکاردێن، لە کتێبی(ئیدۆم لە زمانی کوردیدا) ی (جەلال مەحمود عەلی سوبحانی) وەرگیراون.

٩/٠) ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە، لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا، باس لە ئیدیۆم کراوە. لە بەشی دووەمدا باسی تیۆری سیماکان و جۆرەکانی کەسێتی کراوە. بەشی سێیەم بۆ پۆلێنی ئیدیۆمەکان تەرخانکراوە، دواتر ئەنجام و لستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

بەشی یەکەم

١/١) ئیدیۆم

زمان، وەک ئامرازێکی سەرەکیی لەیەکگەیشتن و دەربڕین و بەرهەستکردنی بیر، لە چەندان کەرەستە پێکهاتووە و شێوازی دەربڕینی جۆراوجۆریش لەخۆدەگرێت، کە ئیدیۆم یەکێکیانە.

ئیدیۆم، کەرەستە و پێکهاتەیەکی زمانییە، لە چەند وشەیەک پێکدێت و پەیوەندییەکی تایبەت لە لایەنی واتا و ڕستەسازییەوە لە نێوانیاندا هەیە. پێکهاتەکە واتایەکی تایبەت دەبەخشێت کە لە واتای فەرهەنگیی وشەپێکهێنەکانییەوە، دروست نابێت. (فەتاح: ٢٠١٠: ١٦٧).

قسەپێکەرانی هەر زمانێک، لە کۆمەڵە جیاوازەکاندا، لە ئاخاوتن و پەیوەندی و دەربڕینی مەبەست و گەیاندنی پەیامەکانیاندا، بەپێی مەبەست و پەیام و بابەت و کلتوری کۆمەڵە جیاوازەکان و ئاستی ڕۆشنبیریی کەسەکان و ... ، شێوازی جیاواز بەکاردەهێنن (شەمس: ٢٠٠٦: ٣٤) . ئیدیۆم، شێوازێکە لە شێوازەکانی بەکارهێنانی زمان، کە بەپێی جیاوازیی کۆمەڵ و کلتورەکان،

خوازەی تێدا بەکاردێت. هەروەها ئیدیۆم، دیاردەیەکی زمانییە، چونکە لە هەمو زمانێکدا هەیە و بەشێکی گرنگی فەرهەنگی زمانە. ئیدیۆمەکان، ڕەنگدانەوەی جیهانبینی و تێڕوانین و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی کۆمەڵ و بەرهەمی ئەزمونی کۆمەڵن، بۆیە بەپێی جیاوازیی کلتورەکان، تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لە پێکانی مەبەستەکاندا. (فەتاح: ٢٠١٠: ١٩٤ , حسەین: ٢٠٠٩: ٤١ , عارف: ٢٠١٢: ٤٠). لێرەدا بە پێویست دەزانرێ چەند پێناسەیەکی ئیدیۆم بخرێتەڕو.

تراسک، بەم شێوەیە ئیدیۆم دەناسێنێت: دەربڕینێکە لە دو وشە، یان زیاتر، پێکهاتووە، واتاکەی لە بەشە پێکهێنەکانییەوە سەرچاوە ناگرێت. (Trask: 1993: 132).

ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێت: ئیدیۆم، دانەی پێکەڵ و ئامادەی زمانە و پێکهاتەی ئاڵۆزیان هەیە و لە وشە نزیک دەبنەوە. (مارف: ٢٠١٤ : ٢٠٧).

شیلان عومەر دەڵێت: بەدواییەکداهاتنی گروپێک وشەیە، کە پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوانیاندا هەبێ و نەتوانرێت مانای گشتییان لە یەکەیەکەی وشەکانی بەدەست بهێنرێت. (حسەین: ٢٠٠٩: ١٢).

ئیدیەم، بریتییە لەو دەربڕینانەی کە لە ڕواڵەتدا دانەی ڕێزمانین، بەڵام لە ژێرەوە زڕدانەی واتاسازین، لەسەری ڕێککەوتوون خۆیان لە زماندا چەسپاندووە (علی: ١٩٩٨: ). ئیدیۆم بریتییە لە زنجیرە وشەیەک، وەک یەکەیەک ڕۆڵ دەگێڕێت و واتاکەی لەڕێی بەشەکانییەوە بەدەست نایەت[عارف:٢٠١٢: ٢٩-٣٠ (فاید: ... :٨٩٧-٨٩٨)].

١-١/١) پێکهاتەی ئیدیۆم:

وەک لە پێناسەکانیدا هاتووە، ئیدیۆم لە چەند وشەیەک پێکدێت، کە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و تایبەت و ڕێکخراوە، لە شێوەی گرێ یان گرێیەکی فراوانکراو، یاخود شارستە یان پارستەدا دەردەکەوێت و تاڕادەیەکی زۆر جێگیر و نەگۆڕە، واتا ئیدیۆم یەکەی لە وشە گەورەترن.

ئەوڕەحمانی حاجی مارف پێیوایە، ئیدیەم یان فریزیۆلۆجی، دانەی ئامادەکراوی زمانن و پێکهاتەیان ئاڵۆزە لە شێوەی فریزدان (مارف: ٢٠١٤ : ٢٠٦ – ٢٠٩). "ئیدیۆم، یەکەیەکی سەربەخۆی زمانە و خاوەنی تایبەتمەندی و پێکهاتەی خۆیەتی" (حسەین: ٢٠٠٩: ١٣٨).

پێکهاتەی ئیدیۆم، تایبەتمەندیی ڕستەسازی و واتاییی خۆی هەیە، ئەمەش وایکردووە کە وەک یەک یەکەی زمانی دەربکەون و ئەرک ببینن، بەڵام پێکهاتەی ڕستەسازیی ئیدیۆم، لەگەڵ پێکهاتە ڕستەسازییەکانی تردا لە یەک سیمادا جیاوازن، ئەویش ئەو جێگیری و سنورداریییە کە ڕێگا بە کرانەوەی بەرفراوانی پێکهاتەی ئیدیۆم نادات و لە فۆڕمدا قاڵبگرتون (حسەین: ٢٠٠٩: ٣٢).

ئیدیۆم، دانەیەکی وشەئاسایە. (فەتاح: ٢٠١٠: ١٧٢). بە بۆچونی سایدل و مک موردی، ئیدیۆمەکان، یەکەی وشەییی تایبەت و ناوازەن، چونکە لە هیچ ڕوانگەیەکەوە بە یاسایەک یان پێڕەوێکی تایبەتەوە پەیوەست نین، نە لە پێکهاتە، نە لە واتا، نە لە پەیوەندیی نێوان پێکهاتە و واتادا. (عارف: ٢٠١٢: ٣٤).

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ئیدیۆم ئەنجام دراون، لە چوار فۆڕمدا دەردەکەون (حسەین: ٢٠٠٩: ٤٩ – ٥٨):

١. ڕستەی ئیدیۆمی: داس لە سەپانی خۆی دەشارێتەوە.
٢. فریز: کەری دێز.
٣. وشە: ملهوڕ.
٤. لێڵیی واتایی: خاکەسار.

٢-١/١) واتای ئیدیۆم:

زۆرینەی پێناسەکانی ئیدیۆم باس لەوە دەکەن، کە واتای ئیدیۆم لە واتای فەرهەنگیی بەشەکانییەوە بەدەست نایەت، بەڵکو بە کۆی بەشەپێکهێنەکانییەوە واتایەکی تایبەت و تازە دروستدەبێت، کە هێمایە بۆ چەمکێک یان شتێکی تر، کە دەشێ زۆر دوربێت لە واتای وشەکانی، چونکە ئیدیۆم یاسا و بەها و نیشانەسیمانتیکییەکان دەبەزێنێت [حسەین: ٢٠٠٩: ٥٧

(Sama kais: 2003: 49)] و یەکەیەکی واتایی دروستدەکات. "واتای کەرتەکانی ئیدیۆم یارمەتیمان نادات بۆ هەڵهێنان و دۆزینەوەی واتای ئیدیۆم" (فەتاح: ٢٠١٠: ١٧٤).

واتای ئیدیۆمی، لە واتای سینکرۆنیی کەرتە پێکهێنەرەکانییەوە نەهاتووە (حسەین: ٢٠٠٩: ٤٣)، تەنانەت ڕیزبوونی کەرەستەکانیش لەڕوی سینتاکسییەوە، ناتوانن واتای گشتیی ئیدیۆمەکان دەستنیشان بکەن. "واتای ئیدیۆم، لە ڕۆنانی ڕێزمانی و ڕۆنانی واتاییی کەرتەکانەوە نایەت" (فەتاح: ٢٠١٠: ١٦٧). هەندێک پێیانوایە پێکهاتەی ڕستەسازی، بەتەنیا، ناتوانێت ئەو واتایە ببەخشێت کە دەربڕینە ئیدیۆمییەکە دەیبەخشێت، لەبەرئەوە ناتوانریَ بەهۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە، واتای ئیدیۆم ڕونبکرێتەوە و لێکبدرێتەوە (حسەین: ٢٠٠٩: ٥٨).

واتای ئیدیۆم، تاڕادەیەکی زۆر، سنوردار و جێگیر و دیاریکراوە و ناتوانریَ وەکو (مێتافۆڕ)، بەپێی دەوروبەر و بابەت، لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت. بۆنمونە (سەگ)، دەشیَ بەپێی دەوروبەر، بە واتاو مەبەستی جیاواز بەکاربێت، وەک: پیس، دڕ، ناشرین، بەدڕەفتار، زۆربڵیَ، وتەی نابەجیَ، هەندێکجار جوان، هەندێکجار بەوەفا ... ئەمە مێتافۆڕە، بەڵام ئیدیۆم بەمجۆرە نییە، بۆنمونە (زۆروەڕ)، تەنیا بەو مانایە دێت کە زۆر قسە دەکات و قسەکانیشی بێزارکەر و نابەجێن.

٣-١/١) سەرچاوەی ئیدیۆم:

دەمێکە وتراوە "زمان، ئاوێنەی کۆمەڵە" (وافی: ١٩٧١: ١٢) و ڕەنگدانەوەی کەتوار (واقع) ی ئەو کۆمەڵەیە کە تێیدا بەکاردێت، بۆیە زمان، ناسنامەی کۆمەڵە و (ئەنتۆنی گیدز) بە یەکێک لە تایبەتمەندییە کلتورییەکانی مرۆڤی ئەژمار دەکات (عارف: ٢٠١٢: ١٥).

ئیدیۆم، بەشێکی فراوانی زمانەکان پێکدەهێنێت و هەڵقوڵاوی مێژوی کۆمەڵایەتیی بەکارهێنەرانی زمانە. لەبەرئەوە پێمانوایە، سەرچاوەی بەشێکی زۆری ئیدیۆمەکان، کلتور و جیهانبینی و ئەزمون و ڕەفتارەکانی کۆمەڵن.

بـۆیە ئیـدیۆم، کەرەسـتەیەکی گونجـاوە بـۆ بەرجەسـتەکردنی جیهـانبینی و بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی کۆمەڵ بۆ ژیان و دەوروبەر.

لەئێسـتادا، ئیدیۆمەکان بـوون بە بەشـێک لە هۆشـیاریی گشـتی (Rafael: ١٩٩٥: ٥٥)، و پێویسـتە ئـاخێوەرانی هەر زمانێـک دانەدانە فێریـان بـبن و لە هەڵوێستە زمانییەکاندا بەکاریان بهێننەوە (عارف: ٢٠١٢: ٣٤).

## بەشی دووەم

### ١/٢) کەسێتی:

بەهـۆی ئـاڵۆزی و فرەڕەهەنـدیی کەسـێتییەوە، پسـپۆڕان پێناسـەی جۆراوجۆریان بۆ کردووە. سروشتی ئەم لێکۆڵینەوەیەش کە پۆلێنی ئیدیۆمە، بەپێـی سـیما و جۆرەکـانی کەسـێتی، وادەخوازێـت هەنـدێک لە پێناسـەکان بخەینەڕو:

ئەلپـۆرت: کەسـێتی، ڕێکخسـتنێکی داینـامیکیی نـاوەکیی دەرونجەسـتەیییە، کە تایبەتمەندیی ڕەفتـار و بیری کەسـەکە دیاری دەکات، هەروەهـا وەڵامـدانەوە جیاوازەکانی مرۆڤە بۆ وروژێنە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتیی گونجـان لەگەڵ تایبەتمەندیی ژینگەکۆمەڵایەتییەکەیدا (یونس: ١٩٩٣: ٢١٨ ، ٢٩٧).

گیلفـۆرد: کەسـێتیی تـاک، ئەو نمـونە بێهاوتـایەیە، کە سـیما جیاوازەکـانی لـێ پێکدێت (العبیدي: ٢٠١١: ٢٦).

کاتـڵ: کەسـێتی، هەمـو ئەو ڕەفتـارە دیـار و نادیـارانەن، کە پێشـبینی دەکـرێ کەسێک لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا ئەنجامیان بدات (العبیدي: ٢٠١١: ٢٦).

کەسـێتی، ئەنجـامی کـارلێکی بەردەوامـی نێـوان هۆکـارە بـایۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانە (الوردی: ٢٠٠١: ١٩).

ئارنۆڵد_ میلی: کەسێتی، سیستەمێکی جێگیری ڕێژەییی خولیا پاڵنەرەکـانی مـرۆڤە، لە ئەنجـامی کـارلێکی نێـوان پـاڵنەرە بایۆلۆژییەکـان و پاڵنەرەکـانی ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدات (دیڤید فۆنتانا: ١٩٨٨: ٦).

کەسـێتی، سـیما جەسـتەیی و ویژدانـی و هـزری و ڕەوشـتییەکان و کارلەیەککردنیان دەگرێتەوە (العبیدي: ٢٠١١: ٢٧).

كەسێتی، سیستەمێكی تەواوە، پاڵنەر و ئامادەییە جەستەیی و دەرونی و هزرییەكان دەگرێتەوە، كە هەندێكیان ماكین و هەندێكی تریان وەرگیراون و تاڕادەیەک جێگیرن، كەسێک لە كەسێكی دی جیادەكەنەوە و شێوازی گونجانی لەگەڵ ژینگەی مادی و كۆمەڵایەتیدا دیاری دەكەن. (عویضة: ١٩٩٦: ١٨٥).

كەسێتی: كۆمەڵە ڕەفتارێكی ئاڵۆزە، تاڕادەیەكی زۆر جێگیرە، سیمای جیاكەرەوەی كەسەكانە لەیەكتری، سیستەمێكی دەگمەنە، لە كۆمەڵێک ئەرک و سیما و ئەندامی كارلێككردو پێكهاتووە كە توانای هزری و ئامادەییەكان لەگەڵ پێكهاتەی جەستەیی و بۆماوە و لایەنی ژینگەی كۆمەڵایەتی و ڕوداوەمێژوویی و ژیارییەكان دەگرێتەوە، كە وەڵامدانەوە و شێوازی تایبەتی كەسەكە بۆ گونجان لەگەڵ دەوروبەردا دیاری دەكات (شەمس: ٢٠١٣: ٥٢).

**٢/٢) ژینگەی كۆمەڵایەتی:**

مەبەست لەو دەوروبەرەیە كە مرۆڤ (منداڵ) تێیدا پەروەردە و گەورە دەبێت، پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ دەوروبەردا بنیات دەنێت و خۆی دەگونجێنێت. "یەكەم ژینگەی كۆمەڵایەتی، كە خێزان و گەڕەک و شارە، كاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر كەسێتیی تاک هەیە" (الوردي: ٢٠٠١: ٤٥).

كۆمەڵناسەكان پێیانوایە، ژینگەی كۆمەڵایەتی بەگشتی و خێزان بەتایبەتی، گرنگترین هۆكارن بۆ فێربون و گەشەی كۆمەڵایەتی، كە دواتر گرنگییەكی مەزنیان لە پێكهاتەی كەسێتیی تاكدا دەبێت، چونكە ژیان و سیمای مرۆیی پێدەبەخشن و سەرچاوەی گشت هەستەكانی مرۆڤن. خێزان، یەكەم ژینگە و كۆمەڵی مرۆییە، كە منداڵ یەكەم پەیوەندیی مرۆیی تێدا دروستدەكات. پسپۆرانی ئەنترۆپۆلۆژیش پێیانوایە، گرنگترین هۆكار لە پێكهاتەی كەسێتیدا، كلتوری ئەو كۆمەڵەیە كە كەسەكەی تێدا دەژی. (افرخاس: ٢٠١١: ١٠٨ – ١٠٩). جگەلەمەش، مرۆڤ، لە ئاگایی و بێئاگاییدا، ئەو بۆماوەكلتورییانە دەردەبڕێت كە لە قۆناغەجیاوازەكانی تەمەنیدا، لە ژینگەكەیەوە وەریگرتون (شەمس: ٢٠١٣: ٥٤)، كە ئیدیۆمەكانیش بەشێكن لەو بۆماوەكلتورییانە.

لێرەدا مەبەستمانە بڵێین: زمان، کاراترین ئامراز و هۆکاری کاریگەرە لە پەروەردە و گەشەی کۆمەڵایەتی و گەیاندنی کلتور و دروستکردنی پەیوەندی و ... هتد. ئیدیۆمەکانیش، وەک کەرەستەیەکی زمانی، کە بەشێکن لە هۆشیاریی گشتی و لە ئەزمون و کلتوری کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرن، کەواتە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە کەسێتییەوە هەیە، چونکە لە کۆمەڵەوە فێریان دەبین و بە مەبەستی ڕاڤەکردن و پۆلێنکردنی کۆمەڵ و دەوروبەر، بەکاریاندەهێنینەوە.

**٣/٢) تیۆری سیماکان و جۆرەکانی کەسێتی** Traits Theory & Types of Personality

**١-٣/٢) سیما چییە؟**

هەر خەسڵەتێک کە بتوانرێ بکرێ بە بنەما بۆ جیاوازیی نێوان دو کەس؛ پێیدەوترێ سیما. هەروەها، هەر ئارەزوییێکی دیاریکراو یان ئامادەییەکی پێشوەخت بۆ وەڵامدانەوە (استجابة)، بە سیما دادەنرێ. (افرخاس: ٢٠١١: ٤٢). سیما، خەسڵەتێکی تاڕادەیەک جێگیر و بەردەوامە، کە مرۆڤەکان تێیدا یەکسان نین. (عطية: ٢٠٠٧: ٧٢). سیما، خەسڵەتێکی جەستەیی، یان ڕەفتاری، یان زانەکی (معرفي)یە، کە دەشێ ڕەمەکی (فطري)، یان وەرگیراو بێت و ئامادەییەکی جێگیرە بۆ جۆرێک لە ڕەفتار (شەمس: ٢٠١٣: ٥٧)، هەیانە گشتین و هەیانە تایبەتن.

سەرەتای پۆلکردنی جۆرەکانی کەسێتی، لە یۆنانەوە دەستپێدەکات. ئەفلاتون پێیوابو سێ جۆر کەسێتی هەیە، کە لە زیرەکی و حەز و جەستەدا جیاوازن و ئەم خەسڵەتانەش بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر مرۆڤ و گەلاندا دابەش نابن. هەژمونی سیمایەک بەسەر سیماکانی تردا؛ جۆری کەسێتی دیاری دەکات. (حسن: ٢٠٠٩: ٢٦).

سیما، تێبینی ناکرێت، چونکە چەمکێکی ئەبستراکتی هەیە؛ بەڵکو لەڕێگەی تێبینیکردنی ڕەفتارەکانی مرۆڤەوە درکی پێدەکرێت، وەک ترسنۆکی، شەڕانگێزی، بەرزەفتکردن (السيطرة)، ... هتد، ئەمانە لە ڕەفتارەکانی مرۆڤدا

دەردەکەون و درکیان پێدەکرێت. هەندێک لە سیماکان ماکین (فطری) و هەندێکیان وەرگیراون (عطية: ٢٠٠٧: ٧٢).

هەریەک لە زانایانی دەروونناس (ڕیمۆند کاتڵ و گۆردن ئەلپۆرت و ئایزنک)، تیۆری سیماکانیان خستۆتەڕو و پەرەیان پێداوە.

ژماردنی ئەو تایبەتمەندی و سیمایانەی کە بۆ پەسنکردنی (وصف) کەسێتیی مرۆڤ دەشێن، کارێکی زۆر ئاسان نییە؛ چونکە گەلێک زۆرن و فەرهەنگی زمانیش ڕۆڵ دەبینێت. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زانایان (ئەلپۆرت و ئەدبێرت-١٩٣٦)، لە فەرهەنگدا، نزیکەی (١٨٠٠٠) هەژدە هەزار وشەیان دەستنیشانکردووە کە بۆ پەسنکردنی سیماکانی کەسێتیی مرۆڤ دەشێن (حسن: ٢٠٠٩: ٢٣)، لەڕاستیدا ئەمەش کارێکی گرانە و ئەو ژمارەیەش بەگوێرەی دەوڵەمەندیی فەرهەنگی زمان گۆڕانی بەسەردا دێت.

ئەلپۆرت، پێیوایە سیماکان دو جۆرن: جۆرێکیان بۆماوەیە و جۆرەکەی تریان وەرگیراوە، کە ژینگەی کۆمەڵایەتی دیاریی دەکات (العبيدي: ٢٠١١: ٦٣)، بەڵام بەپێی دەرکەوتنیان لە کەسێتیی مرۆڤدا سێ جۆر سیما دەستنیشان دەکات:

- سیما بنەڕەتییەکان Cardinal Traits : بریتین لەو سیمایانەی کە زۆر بڵاون و زاڵن، بەشاراوەیی نامێننەوە و هەژمونیان بەسەر کەسەکانەوە هەیە.
- سیما ناوەندییەکان (مركزي) Central Traits : ژمارەیان کەمە، بەڵام بەرێژەیەکی بەرز دەردەکەون و کەسەکەیان پێ دەناسرێت.
- سیما لاوەکییەکان Secondary Traits : بریتین لەو سیما و خەسڵەتانەی کە لە چەند بارێکی زۆر سنوردار و تایبەتدا دەردەکەون (حسن: ٢٠٠٩: ٢٣).

کاتل ١٩٦٥، بۆ چڕکردنەوەی تیۆرەکە و کۆکردنەوەی سیما نزیکەکان لە چەند سیمایەکی سەرەکیدا؛ سێ ڕێبازی وەرگرتنی داتای دەستنیشانکرد، کە ئەمانەن:

١. L Data : ئەو داتایانەن کە لە ژیانی تایبەتی کەسەکەوە بەدەستدەهێنرێن.

٢. Q Data : ئەو داتایانەن کە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە بەدەستدەهێنرێن.
٣. T Data : ئەو داتایانەن کە لە ڕێگەی ئەزمونی بابەتییەوە بەدەستدەهێنرێن.

بەپێی ئەم ڕێبازە، کاتڵ، (١٦) سیمای بۆ کەسێتی دەستنیشانکرد، کە ڕەهەندە سەرەکییەکانی جیاوازی لە کەسێتیی مرۆڤدا دەردەخەن، کە ئەمانەن: (حسن: ٢٠٠٩: ٢٤ ، العبيدي: ٢٠١١: ٧٩).

١. کرانەوە _ الانطلاق
٢. زیرەکی _ الذكاء
٣. هێزی من _ قوة الانا
٤. بەرزەفتکردن _ السيطرة
٥. مژدەبەخشی _ الاستبشار
٦. هێزی منی باڵا _ قوة الانا الاعلى
٧. سەرکێشی _ المغامرة
٨. نیانی _ الطراوة
٩. گومان _ التوجس و الشك
١٠. قۆرخکردن _ استغلال
١١. ساختەچێتی _ الدهاء
١٢. هەستکردن بە خەتاباری _ الاستهداف للذنب
١٣. ئازادبون _ التحرر
١٤. دابینکردنی خودی _ الاكتفاءالذاتي
١٥. خۆبەڕێوەبردنی سۆزداری _ التحكم بالعواطف
١٦. فشاری پاڵنەرەکان _ ضغط الدوافع

بە تێپەڕبونی کات، چەندین نمونەی تری هاوشێوەی نمونەکەی کاتڵ خرانەڕو، بەڵام هیچیان لە دەرونزانیدا بە یەکجاری پەسەند نەکران. زۆرێک لە پسپۆڕانی بواری سیماکان پێیانوابو، نمونەکەی کاتڵ ئاڵۆزە و دەکرێ کەمتر بکرێنەوە. ڕۆبێرت ماکری و پاوڵ کۆستا ١٩٨٥، تیۆری (پێنج هۆکارە گەورەکە _ FFM ) یان خستەڕو، بۆ پێوانە و پەسنکردنی کەسێتیی مرۆڤ،

كه بـریتین له (سـادەیی، دەمـارگیری، گونجـان، زینـدوێتیی ویـژدان، كـرانەوە بەڕوی ئەزموندا). له (٢٠٠٥)دا، دو ڕەهەندی تری بۆ زیادكرا كه بریتیبون له (نایـاب) و (ئەهریمەنـی گەنـدەڵ)، بەمەش بـون به حەوت هۆكـاره گەورەكه. (حسن: ٢٠٠٩: ٢٤- ٢٥).

**٢-٣/٢) جۆرەكانی سیما:**

وەک پێشـتر باسـكرا، هەوڵـدان بـۆ پەسـنكردنی كەسـێتیی مـرۆڤ و پۆلكردنیـان، كـارێكی نـوێ نیـیه و سـەرەتاكانی بـۆ فەیلەسـوفانی یۆنـان دەگەڕێـتەوە، بەڵام بەگـوێرەی بەرەوپێشـچون و داهێنانەكـانی مـرۆڤ، پۆلێنەكـان وردتـر و گشـتگیرتر بـوون. (مـحەمەد بەنـی یـونس) پێیـوایه، كه جیـاوازیی ڕیشـەیی له نێـوان كەسـێتیی مرۆڤـی سـەردەمه دێرینەكـان و كەسێتیی مرۆڤی هاوچەرخدا نییه، تەنیا چەند جیاوازییەكی كەم نەبێت كه به گۆڕانێكی بنەڕەتـی دانـانرێن، بەڵكو زیـاتر جیـاوازی له دەرخسـتنی تواناكـانی مرۆڤدا هەیه، چونكه بنەما سەرەكییەكانی كەسێتی، به دیاریكراوی و جێگیری دەمێنـنەوە. (حسـن: ٢٠٠٩: ٢١). بەبـۆچەنی ئـێمەش، لەئێسـتادا بەردەوامیـی بەكارهێنـانی ئەو ئیـدیۆمانەی كه پەیوەنـدییان به كەسـێتییەوە هەیه و ڕەنگـدانەوەی سـەردەمانێكی زۆر بەرلەئێسـتان، بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە كه كەسـێتییەكان له جـۆر و بنەمـادا گۆڕانیـان بەسـەردا نەهـاتووە و كـۆپیی كەسێتییەكانی پێشترن، به هەندێ گۆڕانكاریی ڕوكەش و ساكارەوە.

جیاوازیی كەسێتیی مرۆڤەكان، له بون و نەبونی سیماكاندا نییه، چونكه سیماكان له هەمو كەسێكدا هەن، بەڵكو جیاوازی له ڕێژە و پلەی دەركەوتنی سیماكاندایه، كه له كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكه جیاوازن. جێگای سـەرنجه كه سیمایەک له سیماكانی كەسێتی له مرۆڤێكدا، دەبێت به سیمایەكی بنەڕەتـی و زاڵ كه كەسـێتیی مـرۆڤەكەی پێدەناسـرێت و له هەمـان كاتـدا چەندین سـیمای لاوەكیی نزیک له سیما زاڵەكەش وەردەگرێت. (حسن: ٢٠٠٩: ٢١).

لازارۆس_١٩٨٩ ، پێیـــوایه كه هەریەک له ســـــیما و جۆرەكـــــانی كەسێتی(Types & Traits)، دەربـڕینن (دەربڕینـی زمـانین)، بـۆ پەسـنكردنی كەسـێتی و دیـاریكردنی بنەماكـانی پێكهـاتەی كەسـێتی. له ئێسـتادا، پسـپۆڕانی

دەروونناسی پێیانوایە، بۆ تێگەیشتن لە کەسێتی، پێویستە هەریەک لە سیما و جۆری کەسێتی و ئەو هەڵوێستەش کە کەسەکەی تێدایە، لەبەرچاوبگیرێن، چونکە جێگیری لە کەسێتی بە نمونەی ڕەفتار و هەڵوێستی هەنوکەیی کەسەکەوە پەیوەستە (حسن: ۲۰۰۹: ۲٦).

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بواری کەسێتیدا ئەنجامدراون، بەشێوەیەکی گشتی، چەند جۆرێک لە سیما دیاریکراون:

١. سیما گشتییەکان: بریتین لەو سیمایانەی کە سەرجەم مرۆڤەکان تێیاندا هاوبەشن، بەتایبەت ئەو کەسانەی سەر بە یەک کلتور و شارستانییەتن (عطية: ۲۰۰۷: ۷۳). ئاشکرایە کە سەرجەم مرۆڤایەتی لە چەند سیما و لایەنێکی دیاریکراودا لەیەک دەچن.

۲. سیما تایبەتییەکان: مەبەست لەو سیمایانەن کە لە کەسێکدا دەردەکەون و کەسەکانی دیکەی سەر بە هەمان ژینگە و کلتور لێی بێبەشن (عطية: ۲۰۰۷: ۷۳). واتا کەسێک، لە هەندێک سیما و خەسڵەتدا، تاکە و لە کەسی دیکە ناچێت.

۳. سیما ڕوکەشەکان: ئەو سیمایانەن کە ڕاستەوخۆ لە کردەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان و شێوازی ئەنجامدانی کار و وەڵامدانەوەی وروژێنەکاندا دەردەکەون (عطية: ۲۰۰۷: ۷۳). چەند سیمایەکی پەسنین، کەمترین جێگیرییان هەیە، واتا شیاوی گۆڕانکارین، بەپێی بارودۆخی هەڵوێست و ژینگەکە. وەک خۆشی و دڵتەنگی و شەڕەقسە، ...هتد.

٤. سیما بنەڕەتییەکان: لەو پێکهاتە ناوەکی و شاراوانەن کە دەبن بە سەرچاوە بۆ سیما ڕوکەشەکان و لە پشتیانەوە دەوەستن. ئەم سیمایانە زۆر گرنگ و جێگیرن، هەروەها هاوکاریی دیاریکردن و لێکدانەوەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکەن و لە دو جۆر پێکدێن:

i. سیما پێکهاتەییە ناوەکییەکان، کە بنەمایەکی بۆماوەییان هەیە.
ii. سیما ژینگەییە وەرگیراوەکان، کە لە ژینگە و ژیانی تایبەتی کەسەکەوە سەرچاوەدەگرن (عطية: ۲۰۰۷: ۷٤).

٥. سیما توانستییەکان: بریتین لەو سیمایانەی کە توانا هزری و مێشکییەکان دەنوێنن و لە وەڵامدانەوەی هەڵوێستە جیاوازەکاندا دەردەکەون (العبیدي: ٢٠١١: ٧٦).

٦. سیما میزاجییەکان: ئەو سیمایانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ ئەنجامدانی چالاکییە تایبەتییەکاندا دەردەکەون (العبیدي: ٢٠١١: ٧٦).

٧. سیما داینامیکییەکان: سیما ڕەسەنە پێکهاتەیی و ژینگەیی و ئاراستەییەکان دەگرێتەوە (العبیدي: ٢٠١١: ٧٦ ـ ٧٧).

**٢/٣-٣) جۆرەکانی کەسێتی:**

مرۆڤ بە دابڕاوی لە کۆمەڵ ناژی؛ بەڵکو تێکەڵ بە کەسانی تر دەبێت و کاریگەری وئاڵوگۆڕ و کارلێک، بەپێی دەوروبەر و کلتوری کۆمەڵایەتی، لەنێوانیاندا ڕوودەدات و ڕەفتارەکانیشی بەپێی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی و ئەو ڕۆڵەی دەیبینێت و ئەو کلتورەی تێیدا ئەندامە، دیاری دەکرێت (شەمس: ٢٠١٣: ٦١). بەبۆچونی ئێمە دیاریکردنی ڕەفتار، بڕیاردانە لەسەر جۆری کەسێتی و پەسنکردن و جیاکردنەوەی، کە ئیدیۆمەکان کەرەستەی شیاو و کاران بۆ ئەم مەبەستە.

دابەشکردن و پۆلێنی جۆراوجۆر بۆ کەسێتی کراون، هەر یەکەیان تایبەتمەندییەک یان سیمایەکی بە بنەما داناوە و پۆلێنکاریی کردووە. هەیانە بەگوێرەی سیما جەستەییەکان کەسێتی پۆلێن دەکەن، هەیشە بەپێی توخمە سەرەکییەکانی گەردون و هی تریش لەسەر شێوەئەندازەییەکان، کەسێتی پۆلێن دەکەن. لەهەندێک پۆلێنی دیکەدا، دابەشبونی جوگرافی و کلتور و بەهای کۆمەڵایەتی کراون بە بنەما.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، زیاتر پشت بە دابەشکردنەکەی کاتڵ دەبەسترێت، لەگەڵ چەند جۆرێکی کەسێتی کە لەسەر بنەمای دەرونی پۆلێن کراون. ئیدیۆمەکانیش بەگوێرەی سیما و جۆرەکانی کەسێتی پۆلێن کراون.

**٢/٣-٣-١) کەسێتیی کراوە (Extrovert Personality – الشخصیة المنبسطة):**

کەسێکی کۆمەڵایەتی و کارەکییە، گرنگی بە خەڵک و دەوروبەری دەدات. (ربيع: ٢٠١٠: ٤٤١). زو تێکەڵ دەبێت و بە ئاسانی لەگەڵ دەوروبەردا دەگونجێت. (يونس: ١٩٩٣: ١٨٨).

**٢/٣-٣-٢) کەسێتیی گۆشەگیر** (Introvert Personality – **الشخصية المنطوية**):

مرۆڤێکی هێمنە و لە جیهانێکی تایبەتدا، دور لە واقیع و دەوروبەر، دەژی (يونس: ١٩٩٣: ١٨٨). نەگونجاوە، ڕاڕایە، نەرێنییە، زۆر بیر لەخۆی دەکاتەوە (العبيدي: ٢٠١١: ٦٣)، زیاتر گرنگی بە لایەنی هزری و بەها دەدات، کەمتر خەڵکی بەلاوە گرنگە (ربيع: ٢٠١٠: ٤٤١)، حەزی لە گۆڕانکاری و نوێبونەوە نییە. (عطية: ٢٠٠٧: ٤٤).

**٢/٣-٣-٣) کەسێتیی بەگومان** (**الشخصية الشكاكة**):

بەبێ بونی بەڵگەی ڕاست و پێویست، بەردەوام، گومان لە دەوروبەر دەکات. پەیوەندییەکانی لاوازن، چونکە لێبوردە نییە و هەڵەی کەسانی دیکەی لەبیر ناچێت. (www.ma3hd.net ).

**٢/٣-٣-٤) کەسێتیی شەڕانگێز** (**الشخصية السلبية العدوانيية**):

مرۆڤێکی نەرێنییە، بە ئاسانی دان بە هەست و بۆچونەکانیدا نانێت، هەستێکی بەهێزی شەڕانگێزیی تێدایە و بە ڕاشکاوی دەرینابڕێت. تەمبەڵ و کەمتەرخەمە، ناکارایی مەبەستداری تێدا بەدیدەکرێت (العبيدي: ٢٠١١: ٩٩).

**٢/٣-٣-٥) کەسێتیی نەرگسی** (**الشخصية النرجسية**):

لە لوتکەی گرنگیبەخۆدانەدایە؛ قوربانی بە هەمو کەس و شتێک دەدات لەپێناو خۆیدا، تەنیا وەرگرتن و خۆپێگەیاندن لە ژیاندا دەبینێت (غانم: ٢٠٠٥: ٦٦ ــ ٦٧). هەستێکی ناسروشتی لە خۆخۆشویستن و خۆبەزلزانینی تێدایە، خۆی وەک کەسێکی ناوازە نیشاندەدات، کە کەم کەس لێی تێدەگەن. چاوەڕێی ڕێزێکی تایبەت لە دەوروبەری دەکات. قۆرخکارە؛ باشی و جیاوازیی خەڵکانی دی، بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی خۆی، دەقۆزێتەوە (www.ma3hd.net ). لەگەڵ ئەمانەشدا، کەسانی سەرکردە و کۆمەڵایەتی

و واقیعـی و زانسـتین، بەڵام دەسـتقوچاو و ترسـنۆک و درۆزنـن. (دزەیـی: ٢٠١٥: ٢٢).

**٢/٣-٣-٦) كەسـێتیی دژەكـۆمەڵ** (Psychopathic Personality – **الشخصیة السیكوباتیة**):

ئەهریمەنێكە لەشێوەی مرۆڤدا، بەرجەستەكاری هەمو بەهایەكی خراپ و نزمە. گرنگی بە ڕەوشت نادات، زۆردارو شەڕانگێزە، خیانەتكار و بێویژدانە. گرنگی بە بەرژەوەندیی گشتی نادات، بەڵێنەكانی ناباتەسەر، لێبوردە نییە، سود یان ئەزمون لە هەڵەكانی وەرناگرێت. چێژ لە ئازاردانی كەسانی دیكە وەردەگرێت (عطیة: ٢٠٠٧: ٤٠ – ٤٢). كەسانی نەگونجاو و بێباكن؛ بەرانبەر بە دەوروبەر و پێوەرەكۆمەڵایەتییەكـان هەسـت بە بەرپرسـیارێتی نـاكەن، بەردەوام بیریان لای تۆڵەیە (شەمس: ٢٠١٣: ٧١).

**٢/٣-٣-٧) كەسێتیی نەسەلمێن (الشخصیة العنیدة):**

كەسانێكن حەزیان لە تەنیاییە. باوەڕیان بە یەک بیروڕای بنەڕەتی هەیە و بەرگریی لێدەكەن. دەمارگیر و توندوتیژ و توڕەن. (السلیمان: ٢٠٠٣: ٨٩).

٢/٣-٣-٨) كەسێتیی دەمارگیر (الشخصیة العصابیة):

مرۆڤێكی تەمبەڵ و شڵەژاو و ناجێگیرە، دژیەكی لە ڕەفتارەكانیدا هەیە. لە شـەڕی نـاوەكیی نێـوان ویسـت و ئـارەزو و مـاكە دژیەكەكانـدایە (الغرائـز). گونجان و ڕێككەوتنی دەرونیی لەگەڵ خودی خۆی و كەسانی دیكەدا خراپە. (غانم: ٢٠٠٥: ٧٢ – ٧٤).

**٢/٣-٣-٩) كەسێتیی شەرمن (الشخصیة الشدیدة الخجل):**

متمـانەی بەخـۆی لاوازە، نـاتوانێ بڕیـار و كارەكـان یەكلایـی بكـاتەوە، لە دەربڕینی هەست و بۆچونەكانیدا كارا نییە و گیانی ڕوبەڕوبونەوەی تێدانییە (www.ma3hd.net).

**٢/٣-٣-١٠) كەسـێتیی پشتبەخەڵكبەسـتو** (Dependent Personality – **الشخصیة الاعتمادیة**):

بەبێ کەسانی دەوروبەری، ناتوانێت بڕیار بدات و هەست بە هەرەسهێنانی یەکجاری دەکات. زۆربەی بڕیارە چارەنوسسازەکانی تایبەت بەخۆی، لەدەست کەسانی دیکەدایە. حەزدەکات بەردەوام پاشکۆی کەسانی دیکە بێت (غانم: ٢٠٠٥: ٣٢ – ٣٥).

**٢/٣-٣-١١) کەسێتیی پەرکەمی (الشخصية الهستيرية):**

کەسێکی سۆزدارە، بەڵام زو دەگۆڕێت؛ میزاجی لە خۆشییەوە بۆ خەمۆکی، بەخێرایی، بەبێ هۆکارێکی دیار، دەگۆڕێت. زۆر هەستیارە؛ بە ئاماژەیەک (ایحاء)ی ئاسایی کاریگەر دەبێت و دەوروژێت. حەزی لە ناوبانگ و پیاهەڵدانە و هەوڵیان بۆ دەدات (عطية: ٢٠٠٧: ٤٩).

**٢/٣-٣-١٢) کەسێتیی هەڵەشە (الشخصية المندفعة):**

کەسانی توڕە و شەڕانگێزن، زو هەڵدەچن، کارەکانیان بێ بیرکردنەوە ئەنجام دەدەن و بەردەوام کێشەیان لەگەڵ دەوروبەردا هەیە (عطية: ٢٠٠٧: ٤٩–٥٠). گرنگی بە ئەنجام نادەن، بە پەلەن، ئەزمون وەرناگرن... (غانم: ٢٠٠٥: ٦٣).

**٢/٤) کەسێتیی تاکی کورد:**

لەکۆمەڵی کوردیدا، هەمو ئەو جۆرانەی کەسێتی هەن کە لە (٢/٣)دا باسکران، سەرەڕای جۆری تریش کە لەسەر بنەمای کلتور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی پۆلێن کراون، وەک: کەسێتیی ژنانی، کەسێتیی مندالانە، کەسێتیی پیاوانە، کەسێتیی سوک، کەسێتیی قورسوگران ... کە ئەم پۆلێنە لە دەرەوەی سنور و چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەدایە.

## بەشی سێیەم

لەم بەشەدا، ئیدیۆمەکان، بەپێی سیما و جۆرەکانی کەسێتی، پۆلێن دەکرێن، بەڵام پێویستە بوترێت کە ئیدیۆمەکان و سیماکان و جۆرەکانی کەسێتیش زۆر لەوە زیاترن کە لەم لێکۆڵینەوەدا باسکراون، لەبەر کورتیی لێکۆڵینەوەکە و فراوانیی بابەت و بوارەکە، تەنیا بەشێکیان بەکورتی خراونەتەڕو.

**٣/١) سیمای گشتی:**

ئەو شــوێنە پــاک بێــت کە خــۆمی تێــدا دادەنیشــم. ئــازاگۆ و ئازامەیــدان. بەدەستوبرد. بەدەستودڵ. بلوێر بۆ گا. بەکەر ناوێرێ و بە کورتان شێرە. دەست لە گونان درێژتر. دەفژەن. دەمتەڕی کاسە وشک.-داس لە سەپانی خۆی دەشارێتەوە. دەستوپێ سپی.-دنیای داوەتە بەر کلکان. سەری پێوە نییە. شیری پاکە. کەری ناو جۆگا. گۆمی مەنگ. هەناوڕەش...

**٢/٣) سیمای تایبەت (تاکەتەس):**

ئاسکدڵ. ئاخوڕبەرز. ئاخرشەڕ. ئاخرخێر. ئاوی بێڵغاوی خواردۆتەوە. ئاوی ڕوی تکــاوە. بەر و پشــتی نیــیە. بەگــوێ (گــوێڕایەڵ). بە دەنــکە جــۆیەک دەزەڕێــت. بەنــدوباوی بەدواوەیە. پەل لە هەور دەکــوتێ. پــوش بە قنــگ هەڵدەگرێت. دێڵەبەبا. دەهۆڵکوت. دۆستی سەر کاسە. سەبیلتێکەر. سفرەدڕ. شانتەکێن...

**٣/٣) سیمای ڕوکەش:**

ئاغابەڵێ. ئەستێرەی سیوەیل. ئاشی نەزان. بە زمان، شێر دەکات بە ڕێوی. پەت دەپچڕێنێ. تەڕزمان، تەڕدەم. تەڵەکەباز. جڵەو شل. چاوی سور. چەوری بەری چاوی گرتووە. تولەی گوێبڕاو. دەمگەرم. ڕێویی ماڵ و شێری دەرەوە. سەرسوک. کڵاو دەنێتە سەر خەڵک. ماری ناو فەقیانە ...

**٤/٣) سیمای بنەڕەتی:**

ئاگری بن کا. ئاگر خۆشکەر. ئاگرزمان. ئامانی نییە. بەرماڵی بەسەر ئاوەوە دەگەڕێت. بەپێچ و پەنا. بایەکی لێبەربێت، دراوسێ ئەزانێ. خوێنشیرین. دڕکی مەموزین. گوێزی بۆ دەژمێرن. ملهوڕ. نەرم و نیان. هەزار پێچ و پلوچی هەیە ...

**٥/٣) سیمای جەستەیی:**

بەردە کۆڵەگە. بنەمۆم. بڕکەنۆک. بێداروبار. پشقلێک بخەرە ژێر پێت. حوجی بنی حەلاق. حوشتری ناو پەمو. خلێنەگو. خوێنتاڵ. جنۆکە. چاوبڵ. ڕموزن. سندرقۆق. عەقڵی لەچۆکیدایە. فیڕنەگولە، فندەگولە. کوپەی سەروبن. گزگل. گیپەی جۆ. لەندەهور. مۆتەکە ...

**٦/٣) سیمای ژینگەیی:**

باڵ و كلك هەڵتەكێن. پەشتەماڵی حەمام. دنیای بە كۆڵەوە گرتووە، دنیای بە دەست و دەم گرتووە. شیری سەگی خواردووە ...

**٧/٣) سیما توانستییەكان:**

ئالیكی دو ولاخی پێ بەشناكرێت. ئاوی ڕاوەستاو. ئۆینباز. بەرپێی خۆی نابینێت. بەستەزمان.  بیرتەسك. بێدەموپل. خاووخلیچك. دلۆریا. دەست دەنێتە جۆ؛ تا گەنم پێدەگا. ڕەش و سپی لێكناكاتەوە. ڕووەوبا میزدەكات. عەقڵی لە چاویدایە. كەندوی بۆش، بەتاڵ. كورتبین. لە گوێی گادا نوستووە. لەسەر گوریس ئارد هەڵدەخات. ماری حەوتسەر. میزی حوشتر. نانی دڕاو پینەدەكات ...

**٨/٣) سیما میزاجییەكان:**

ئەستێرەی لە ئاسماندا نەماوە. ئەمشاخ و ئەوشاخ دەكات. ئەو تڕانە هەر دەكەنێت. بۆ نانێك ماڵی خۆی جیاكردەوە. بێچاووڕو. خوێنسارد. خوێنگەرم. ڕوحزل. كەری دێز. كفندز. گای تەنیا لەوەڕاو. گای كەس تا ئێواری ناڵەوەڕێنێت. گولی بەخیل. لەگەڵ (سێبەر، تڕ، كلك)ی خۆی بەشەڕدێت. مێشی میوان نییە. نە بای دیوە نە باران ...

**٩/٣) سیما داینامیكییەكان:**

ئەرێ و نەرێیەتی. ئەڵقەلەگوێ. ئەو سەرە سەری خۆی نییە. باوەشی بە دنیادا كردووە. بەدلغاو. بەرچاوتێر. بەرزەبڵێس. خاكەسار. چاوباشقاڵ. چاوچنۆك. دەماخبەرز. دەمڕەش. ڕوناكیی لە دڵدا نییە. زۆروەڕ. سەر بە گۆبەند. قەلەڕەشی دوای گورگ. قنگی ئاوەدانە. قون بە گێچەڵ. كاسەلێس. كلكەلەقێ. گای حاكم. گوێلەق. مەڕی گێژ. نەخشی بەرد. هەڵەپاچ. هەڵەوەڕ. هێشتا كوڕی دایكییەتی ...

**١٠/٣) ئیدیۆم و جۆرەكانی كەسێتی:**

لێرەدا هەوڵدراوە بە ئیدیۆم پەسنی جۆرەكانی كەسێتیی بكرێت.

٣/١٠-١) كەسێتیی كراوە، بەم ئیدیۆمانە پەسن دەكرێت: ئازاگۆ و ئازامەیدان. بەدەستوبرد. بەدەستودڵ. بەدڵودەرون. بەرچاوڕون. تەڕزمان.

تەڕدەم. جەرگی بەقەد سێڵێکە. چاوکراوە. خوێنشیرین. دڵوریا. دڵفراوان. سەری پێوە نییە. نەرمونیان...

٣/١٠-٢) کەسێتیی گۆشەگیر: ئەستێرەی سیوەیل. پاوەپا. پاپۆڕی نقوم بووە. پای بەرودوای نییە. پایەکی لەبەر و پایەکی لە دوا. چاوی، خەڵک نابینێت. حولحولی مەزەب. قازی کوێر. وشکەپیاو...

٣/١٠-٣) کەسێتیی بەگومان: ئاوێنەی دڵی پیسە. دڵکرمێ. قازی کوێر...

٣/١٠-٤) کەسێتیی شەڕانگێز: بەرازی غەزریو. پەت دەپچڕێنێت. پەل لە هەور دەکوتێت. چاوی سوربووە. خۆی لێرە و کلکی لە بەغدا تۆزدەکات. کەری دێز. کڵاو دەنێتە سەری خەڵک. لە حەوت ئاسمان ئەستێرەیەکی نییە...

٣/١٠-٥) کەسێتیی نەرگسی: ئاخوڕی بەرزە. ئەو شوێنە پاکبێت کە خۆمی تیا دادەنیشم. باوەشی بە دنیاداکردووە. بەرچاو تەسک. بەکر مەرگەوەر. بەر بە بەردارەوە نادات. بۆ سەروپییەک ماڵی خۆی جیاکردەوە. بێدەمار. پایزەبرا. (پول، پوش) بە قنگ هەڵدەگرێت. ترزل. تری بە نۆ بیوران ناشکێن. چاوچنۆک. چاوبرسی. حەزی لەخۆی کردووە. دان لە سنگی هاتووە. دڵ جیچک. سەگی ناو گەنم. قەلەڕەشی دوای گورگ. کۆتر لە دەماخی دەفڕێت. لە تەڕ دەخوا و لە وشک دەنوێ. لە کەری تۆپیو دەگەڕێ ناڵی لێبکێشێتەوە...

٣/١٠-٦) کەسێتیی دژەکۆمەڵ: ئاوی بێ لغاوی خواردۆتەوە. ئەلخەنناسی برای شەیتان. بە بانگێک نوێژ ناکات. بە دەمار. بەدەستی سەگدادەنوسێت. بەرازی غەزریو. بەرپێی خۆی نابینێت. بلوێری شەیتان. بێعاریان خستە جەهەننەمەوە، وتی سەرمایە!. پاتەخۆر. پاشەڵپیس. پەشتەماڵی حەمام. پەل لە هەور دەکوتێ. پیازپاککەر. تف بکاتە دەمی مار دەیکوژێت. جڵەوشل. چاونەترس. چەتڵەمەز. چیغی بەلای خوڵاوە ناوە. سەبیلتێکەر. سفرەدڕ. فەرهادکوژ. کەودەن...

٣/١٠-٧) کەسێتیی نەسەلمێن: ئەمشاخ و ئەوشاخ دەکا. چۆتە ئاسمان و نایەتە خوارێ. (سەر، مێشک) وشک. کەلی شەیتان. کەللە ڕەق. لەسەر کەوڵی خۆی شەقی بکەن، هەر قسەی خۆیەتی. لە حەوت ئاسمان ئەستێرەیەکی نییە. یەکدڵ...

٣/١٠-٨) کەسێتیی دەمارگیر: ئێستری چەموش. بەلەسە. بەرد بەبادەکات. پشتاوپشت سواری دنیا بووە. ترِن. چەقاوەسو. حازرخۆری بەرسێبەر. کەم چیکڵدانە. گای تەنیا لەوەڕاو. گای کەس تا ئێواریێ نالەوەڕێنێت. لەگەڵ (ترِ، سێبەر، کلک)ی خۆی بەشەڕدێت...

٣/١٠-٩) کەسێتیی شەرمن: پاپۆڕی نقوم بووە. پردی سەرەڕێ. توکی نەرمە. خاکەسار. دەستەوستان. کەری ئاوایی. کەڕەواڵە...

٣/١٠-١٠) کەسێتیی پشتبەخەڵکبەستو: پێمل. جڵەوی لەدەست خۆیدا نییە. دەست لە گونان درێژتر. شەقشەقەی دەستی ئەم و ئەو. گوریسی گا گێرە. لغاوکراو. لە حەوت ئاسمان، ئەستێرەیەکی نییە. مەقاشی دەستی خەڵک. هێشتا کوڕی دایکییەتی...

٣/١٠-١١) کەسێتیی پەرکەمی: بە دەنکەجۆیەک دەزەڕێت. بە جامەئاوێک دەکەوێتە مەلە. تەختەی کەمە. خانەبێزار. دەفژەن. دەهۆڵکوت. فیشەکەشێتە...

٣/١٠-١٢) کەسێتیی هەڵەشە: بەبانگێک نوێژ ناکات. بەرەوبا میزدەکات. دنیای داوەتە بەر کلکان. کەودەن. لەسەر گوریس ئارد هەڵدەخات...

**ئەنجام:**

لێکۆڵینەوەکە بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، لەم خاڵانەدا دەیانخەینەڕو:

١. ئیدیۆم، جگە لەوەی بەرهەمی بیر و کلتورە، ڕەنگدانەوە و بەرهەستکردنی لایەنی دەرونیی مرۆڤیشە.

٢. ئیدیۆمەکان، لە هەردو بواری بەکارهێنان و پەسنکردندا، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کەسێتییەوە هەیە.

٣. ئیدیۆم، کەرەستە و دەربڕینێکی زمانیی کارایە بۆ پەسنکردنی کەسێتیی مرۆڤ، هەروەها کەرەستەی دیکەیش لە زماندا، بۆ هەمان مەبەست، لەبەردەستدان.

٤. هەر کەسێک خاوەنی کەسێتیی خۆیەتی و زۆربەی سیماکانی کەسێتیی تێدایە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، بۆیە هەندێک لە ئیدیۆمەکان لە پۆلێن و پەسنکردنی جۆرەکانی کەسێتیدا دوبارە دەبنەوە.

**سەرچاوە بە زمانی کوردی**

– حسەین. شیلان عومەر(٢٠٠٩)، ئیدیۆم- چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.
– دزەیی. عەبدولواحید موشیر(٢٠١٥)، زمان و کەسایەتی، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.
– سوبحانی. جەلال مەحمود عەلی(٢٠١٢)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەرگی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، بەڕێوەبەریتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
– شەمس. هێمن عەبدولحەمید(٢٠٠٦)، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
– شەمس. هێمن عەبدولحەمید(٢٠١٣)، هەژمونی زمان لەسەر کەسێتیی کورد- پەندی پێشینان بە نمونە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
– عارف. زوبێر عەلی(٢٠١٢)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
– عەلی. فەتاح مامە(١٩٩٨)، ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
– فەتاح. محەمەد مەعروف(٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان. دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.
– مارف. ئەورەحمانی حاجی(٢٠١٤)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، چاپی٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

سەرچاوە بە زمانی عەرەبی

– افرخاس. محمد(٢٠١١)، سيكولوجية الشخصية بين تنمية الابناء و بناء المجتمع، دار نينوى للدراسات و النشر و التوزيع، دمشق.
– حسن. فينك امجد(٢٠٠٩)، انماط الشخصية السائدة لدى فئات من المجتمع الكوردى وفقا للانماط التسعة للشخصية (نظام الانيگرام)، اطروحة دكتوراه، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة صلاح الدين.

– ربيع. محمد شحاته(٢٠١٠)، اصول علم النفس، دار المسيرة للنشر و التوزيع، ط١، عمان، الاردن.
– السليمان. هاني(٢٠٠٣)، عيوب الشخصية، دار الاسراء للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.
– العبيدي. محمدجاسم(٢٠١١)، علم النفس الشخصية، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان.
– عطية. طارق ابراهيم الدسوقي (٢٠٠٧)، الشخصية الانسانية بين الحقيقة و علم النفس، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية.
– عويضة. كامل محمد محمد(١٩٩٦)، علم النفس، دار الكتب العلمية، ط١، بيروت، لبنان.
– غانم. محمد حسن(٢٠٠٥)، انماط الشخصية و التحليل النفسي، المكتبة المصرية للطباعة و النشر و التوزيع، الاسكندرية.
– فونتانا. ديڤيد (١٩٨٨)، الشخصية و التربية، ت: عبدالحميد يعقوب جبرائيل و صلاح محمد نوري داود، مطابع التعليم العالي، اربيل.
– وافي. علي عبدالواحد(١٩٧١)، اللغة و المجتمع، دار نهضة مصر للطبع و النشر، القاهرة.
– الوردي. علي(٢٠٠١)، شخصية الفرد العراقي، دار الوردي، لندن.
– يونس. انتصار(١٩٩٣)، السلوك الانساني، دار المعارف.
– http://www.ma3hd.net الشخصية

سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی

– R. L. Trask (1993) A dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, London and New York, Rutledge.
– Rafael Monroy Casas, and …(1995), A Socio Linguistics Approach To The Study of Idioms : Some Anthropolinguistic Sketches, de Fiolologia Inglesa Universided de Murcia, Cuadernos de Filologia Inglesa. Vol 4

## پوختە

### پۆلێنکردنی ئیدیۆم بەپێی تیۆری سیماکان و جۆرەکانی کەسێتی

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی دەرونی، بۆ پۆلێنکردنی ئیدیۆمەکان، پەیڕەو کراوە، کە تیۆری سیماکانی کەسێتییە و مەبەستیش لێی پەسنکردنی جۆرەکانی کەسێتییە بۆ زانینی ڕێژەی شیاویی ئیدیۆمەکان لە پەسنکردندا.

بەپێی پێویست لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە. لەبەشی یەکەمدا باس لە ئیدیۆم کراوە: ئیدیۆم، کەرەستە و پێکهاتەیەکی زمانییە، لە چەند وشەیەک پێکدێت و پەیوەندییەکی تایبەت لە لایەنی واتا و ڕستەسازییەوە لە نێوانیاندا هەیە. ئەم پێکهاتەیە واتایەکی تایبەت دەبەخشێت کە لە واتای فەرهەنگیی وشەپێکهێنەکانییەوە، دروست نابێت. ئیدیۆمەکان، ڕەنگدانەوەی جیهانبینی و تێڕوانین و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی کۆمەڵ و بەرهەمی ئەزمونی کۆمەڵن، بۆیە بەپێی جیاوازیی کلتورەکان، تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لە پێکانی مەبەستەکاندا. سەرچاوەی بەشێکی زۆری ئیدیۆمەکان، کلتور و جیهانبینی و ئەزمون و ڕەفتارەکانی کۆمەڵن، ڕەفتاریش ڕەنگدانەوە و بەرهەستکردنی باری دەرونییە. بۆیە ئیدیۆم، کەرەستەیەکی گونجاوە بۆ بەرهەستکردنی جیهانبینی و بیروباوەڕ و لایەنی دەرونی و تێڕوانینەکانی کۆمەڵ بۆ ژیان و دەوروبەر.

لە بەشی دووەمدا، باس لە کەسێتی کراوە، کە کۆمەڵە ڕەفتارێکی ئاڵۆزە، تاڕادەیەکی زۆر جێگیرە، سیمای جیاکەرەوەی کەسەکانە لەیەکتری، سیستەمێکی دەگمەنە، لە کۆمەڵێک ئەرک و سیما و ئەندامی کارلێککردو پێکهاتووە، کە توانای هزری و ویژدانی و ئامادەییەکان لەگەڵ پێکهاتەی جەستەیی و بۆماوە و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕوداوەمێژوویی و ژیارییەکان دەگرێتەوە، کە وەڵامدانەوە و شێوازی تایبەتی کەسەکە بۆ گونجان لەگەڵ دەوروبەردا دیاری دەکات. دواتر باسی سیما کراوە، کە هەر ئارەزوێکی دیاریکراو یان ئامادەییەکی پێشوەخت بۆ وەڵامدانەوە (استجابة)، بە سیما دادەنرێ. هەروەها هەر خەسڵەتێک کە بتوانرێ بکرێ بە بنەما بۆ جیاوازیی نێوان دو کەس؛ پێیدەوترێ سیما، کە خەسڵەتێکی تاڕادەیەک جێگیر و

بەردەوامە و مرۆڤەکان تێیدا یەکسان نین. پاشان باس لە (١٢) جۆری کەسێتی کراوە و سیماکانیان خراونەتەڕو.

لەبەشی سێیەمدا، بەشێوەیەکی کارەکی، لەسەر بنەمای دەرونی کە سیما و جۆرەکانی کەسێتییە و لەبەشی دووەمدا باسکراون، ئیدیۆمەکان پۆلێن کراون. لێکۆڵینەوەکە بەچەند ئەنجامێک گەیشتووە، لەوانە: ئیدیۆمەکان، لە هەردو بواری بەکارهێنان و پەسنکردندا، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کەسێتییەوە هەیە و کەرەستە و دەربڕینێکی زمانیی کاران، بۆ پەسنکردنی کەسێتی. هەروەها هەر کەسێک خاوەنی کەسێتیی خۆیەتی و زۆربەی سیماکانی کەسێتیی تێدایە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، بۆیە هەندێک لە ئیدیۆمەکان لە پۆلێن و پەسنکردنی جۆرەکانی کەسێتیدا دوبارە دەبنەوە.

## الملخص

## تصنيف الكناية حسب نظرية السمات و انماط الشخصية

اعتمد البحث على المنهج النفسي لتصنيف الكنايات, وهي نظرية السمات للشخصية. والغرض منه وصف انماط الشخصية لمعرفة مدى انسجام الكنايات لوصف الشخصية.

تتضمن البحث ثلاثة فصول كالآتي:

خصص الفصل الأول للكناية, وهي تكوين و تعبير لغوي تتكون من عدة كلمات, توجد علاقة خاصة بين الجانبين الدلالي و النحوي للمكونات. هذه المكونة تعطي دلالة خاصة و بعيدة عن المعنى الأصطلاحي للكلمات. وهي انعكاس للرؤيا و كفية تفكير المجتمع و نتاج خبرة المجتمع, لها مميزات خاصة للوصف و ايصال الغرض حسب تباين الثقافات. تنبع الكنايات من الثقافة و الرؤيا و الخبرات و سلوك المجتمع, و السلوك هو انعكاس و تجسيد الحالة النفسية, لذلك الكناية هي وسيلة مناسبة لتجسيد الرؤيا و المعتقدات و الجانب النفسي للمجتمع حول الحياة و بيئتهِ.

خصص الفصل الثاني للشخصية, وهي مجموعة من سلوك معقدة و ثابتة على حدٍ كبير, وهي السمة الفارقة بين الأشخاص. نظام منفرد, تتكون من مجموعة من وظائف و سمات و اعضاء متفاعلة فيما بينهم, التي تشمل القدرات العقلية و الوجدانية و الأستعدادات و البنية

الجسمية و الوراثة و البيئة الأجتماعية و الأحداث التأريخيـة و الحضـارية, التـي تحـدد إستجابات الفرد للمثيرات و توافقه الفريد مع بيئته. و تحدث الباحث عن نظرية السـمات و عرّفَ السمة بأنها أي مَيلٍ محدد أو إستعداد سابق للأستجابة, هي السمة, وهـي أي صـفة يمكن أن نفرق على اساسها بين فردٍ وآخر. وهي صفة للسلوك تتميز بقدرٍ مـن الثبـات و الأستمرار و تتباين الأفراد فيها. وفي هذا الفصل أيضاً عُرِضَ (١٢) نمطاً مـن الشخصـية و سماتها.

وخصص الفصل الثالث, وهو فصل تطبيقي, للكنايات. تم تصنيف الكنايات على اسـاس نفسي وهي السمات و أنماط الشخصية التي تم التطرق اليها في الفصل الثاني. في الختام تم عرض النتائج التي توصل إليها الباحث, منها الكنايات في كلي الحالتين (التداول و الوصف), لها علاقة مباشرة بالشخصية, وهي تعابير لغوية فعّالة لوصف الشخصية. و السمات موجـودة في كل شخصٍ ولكن بدرجات متفاوتة, لذلك تتكرر بعض الكنايـات فـي عـدة انمـاط للشخصية.

# Abstract


The Classification of idiom according to Trait Theory and Types of Personality.

In this study the psychological approach is used to classify Idioms, which is the Trait theory of personality. The purpose is to describe acceptance of personality types, and it is to know the percentage of applicability for each idiom.

The study includes three chapters as follows

In the first chapter, idiom is described, it is a composition and a linguistic expression consisting of several words. There is a special relationship between its semantic and grammar components. This component gives a special meaning that is not the meaning of its words in dictionary. Idiom is reflection of the social vision and the community experience of thinking, that is why they are different from a culture to another. Idioms stem from the culture, the vision, the experience and behavior of society. Behavior is a reflection and embodiment of psychology. So the idiom is an appropriate to embody the vision, beliefs and psychological aspect to the community about life and its environment.

The second chapter is about character, which is a set of complex and stable behavior. It is also a distinguishing feature between persons. It is solo system, consisting of a set of functions, attributes and members interacting with each other, which include mental capacity, emotional, preparations, physical infrastructure, genetics, social environment, historical and cultural events. That is determine the responses of the individual stimuli and unique to its environment compatibility. After that, the theory of features is studied. Known characteristic, as any specific mile or earlier ready to respond, is an attribute, which is a recipe can differentiate on the basis of which between an individual and another. It is a recipe for behavior characterized by a degree of stability and holding individuals and vary them. Eventually, (12) types of personality and traits are examined.

The third chapter, idioms were classified practically on the basis of a psychological traits and personality types that have been touched upon in the second quarter. In conclusion, the results were presented, including idioms in the mentioned cases (Trading and description), it is directly related to personality. Idioms are effective linguistic expressions. And features present in every person, but in varying degrees, so some idioms repeat in several types of personality.